

ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینووسێت

# سیاسەتی ڕێزگرتن

لەفیکری سیاسی هاوچەرخدا زیاد لە بۆچوونێك دەربارەی چۆنیەتی دارشتنو بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە ئارادایە. دووان لەو بۆچوونانە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. یەکەمیان بیرۆکەی "دادپەروەری"، واتە عەدالەت، دەکاتە بناغەی ڕێکخستنی کۆمەلایەتیو باس لە پێویستی دامەزراندنی "کۆمەڵگایەکی دادپەروەر" دەکات. دەیەوێت شتە گرنگەکان وەك پارەو زانیاریو دەسەڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێنو هەموویان بەدەستی هێزو لایەنو نوخبەیەکی بچووکدا کۆنەبێتەوە، ئەویدیکەیان لە بیرۆکەی "ڕێزوحورمەت"ەوە دەست پێدەکاتو باس لە پێویستی دامەزراندنی "کۆمەڵگایەکی ڕێزبەخش" دەکات کە لەباتی پێداگرتن لەسەر پیادەکردنی دادپەروەری پێ لەسەر لابردنی هۆکارەکانی سووکایەتیو بێڕێزیو زەلیلکردنی ئینسان دادەگرێت. ئەگەر یەکەمیان دادپەروەری لەدابەشکردنەوەی ڕەهەندە ماتریالییەکانی ژیاندا ببینێت، دووهەمیان باس لەو دۆخە وجودییانە دەکات کە ئینسان تیایاندا پێویستی بە ڕێزگرتنو نرخ بۆدانان هەیە.

بێگومان چەمکی "دادپەروەری" چەند هەنگاوێك لەپێش چەمکی "ڕێزو حورمەتگرتن"ەوەیە. کۆمەڵگای دادپەروەر کۆمەڵگایەکە سووکایەتی تێدا نییەو ڕێزگرتن بەشێکە لە پێکهاتە ئەخلاقیو دەزگاییو ڕەمزییەکەی، بەلام مەرج نییە "کۆمەڵگای ڕێزبەخش" کۆمەڵگایەکی دادپەروەربێتو لەسەر بنەماکانی دادپەروەری دامەزرابێت.

هۆکاری ئەم جیاکارییە پەیوەندی بەوەوە هەیە دنیای ئەمڕۆ بەڕادەیەك ناشیرینو بێحورمەت بووە داواکاری قابیلی دوانەخستن تێیدا دادپەروەری نییە، بەڵکو پاککردنەوەی کۆمەڵگایە لە تواناکانی زەلیلکردنو قێزەونکردنو سوکایەتیکردن بە ئینسان.

یەکێك لەو فەیلەسوفانەی لە بیست ساڵی رابردوودا بەم مەسەلەیەوە خەریك بووە، ئاڤیشای مارگەلیتە. ئەم پیاوە جولەکەیەکی ئیسرائیلییەو بەشێکی گرنگی بۆچوونەکانیشی دەربارەی "کۆمەڵگای ڕێزبەخش" لە ئەزمونی مامەڵەکردنی ئیسرائیلەوە بۆ فەلەستینییەکانو لە ئەزمونی مامەڵەکردنی ئەڵمانیای نازییەوە بۆ جولەکە هەڵهێنجاوە. بەڵام سنوورو دەرەنجامە فیکرییەکانی نووسینی ئەم پیاوە رووبەری ئەو دوو ئەزموونە تایبەتە تێدەپەڕێنو دەکرێت لە شوێنو جێی دیکەشدا بەکاربێن.

"کۆمەڵگای ڕێزبەخش" لەسەر دووکۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە. یەکەمیان ڕێزگرتن. دووهەمیان دان نانە بەبەهای کەسەکاندا، بەڵام کێ ڕێزی کێ بگرێتو چۆن؟

مەسەلەی سەرەکی لە "کۆمەڵگای ڕێزبەخشدا" ڕەوشتی دەزگاکانە، ڕەوشتی دەزگاکان دەستنیشانی شوناسی کۆمەڵگا دەکەن. بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی "ڕێزبەخش"مان هەبێت، دەبێت ئەم ڕەوشتە بەجۆرێك بێت ئینسانەکان، بەتایبەتی ئینسانە لاوازەکان، زەلیل نەکات، ئەمەش مانای ئەوەی دەکرێت لە "کۆمەڵگای ڕێزبەخشدا" تاکە کەسەکان یەکتری زەلیل بکەن، گرنگ ئەوەیە دەزگاکان بەکاری زەلیلکردنو بێنرخ کردنی ئینسانەکان هەڵنەسن/ بەتایبەتی زەلیلکردنی ئەوانەی لاوازنو لە کۆمەڵگادا پەناو کەسو هێزیان نییە. ئەوەی بە کۆمەڵگایەك شوناسی زەلیلکردن یان شوناسی نازەلیلی دەبەخشێت ئەخلاقی دەزگاکانییەتی. چۆنیەتی ڕێکخستنو چۆنیەتی کارکردنو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دەزگاکانە پێمان دەڵێت ئایا کۆمەڵگایەك کۆمەڵگای سوکایەتیکردنە یان کۆمەڵگای ئەو دیوی سووکایەتیو ئەودیوی زەلیلیو ئەودیوی بێڕێزییە. بێگومان بنیادنانی "کۆمەڵگای ڕێزبەخش" بەوە نابێت داوا بکەین خەڵك ڕێزی یەکدی بگرن، گەورە ڕێزی بچووكو منداڵ ڕێزی دایكو باوكو پیاوانی سادە ڕێزی پیاوانی ئاین بگرن. یان سیاسەت بەپێی نەسیحەتە دینییە سادەکان کاربکات، یان سەرکردەو ڕۆشنبیرەکان وەعزی ئەخلاقیو دینی بفرۆشن. ڕێزگرتن لێرەدا بەهیچ جۆرێك مانایەکی دینی نییە، "کۆمەڵگای بەڕێوەیان دەبات کە لەسەر ڕێزگرتن بنیات نراوە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەزگاکان ناتوانن سووکایەتی بەئینسانەکان بکەنو هەستی زەلیلبوونیان تیابچێنن.

لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا دەزگاکان دەتوانن ژیانی ئینسان بکەنە دۆزەخ. وای لێبکەن خۆی بەبوونەوەرێکی لاوازو بێڕێزو بێنرخ بزانێت. هەستی بچوکبونی تیابچێنن، ئیهانەی بکەنو دەست بخەنە ناو ژیانی تایبەتییەوە. دەتوانن شێوازی جیاوازی توندوتیژی بەکاربهێنن، ئینسان نائومێد بکەنو توانای خەونبینینی تیا بکوژن، بێکاری بکەن یان کە بێکاربوو فرسەتی کاردۆزینەوەی لێداخەن. دەزگاکان دەتوانن وا لە ئینسانەکان بکەن بۆ ژیانو مانەوەی پابەستی ئەوانبن، دەتوانن نەهێڵن ئینسان ئەو شێوە ژیانە هەڵبژێرێت کە هەست دەکات ئینسانییەتی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. یان مادامەکی سەر بەگروپو دەستەو لەقەبێکی دیاریکراو نیە، نەتوانێت بەشتە گشتییەکان بگات، یان لەکۆی ئەو بۆنەو ڕووداو فرسەتە کۆمەڵایەتییانە بێبەش بکرێت کە خۆی بەشایستەی بەشداربوونیان دەزانێت، یان نەهێڵرێت بچێتە ناو هەندێك شوێنو هەندێك دەزگاوەو هەر لەسەرەتاوە دەرگاکانی بەڕوودا داخرابێت. بیرۆکەی "کۆمەڵگای ڕێزبەخش" بیرۆکەیەکە دەخوازێت ئەم ئیهانەکردنە دەزگاییە نەهێڵێتو رووکارێکی ئینسانی بەدەزگاکان ببەخشێت.

وەك ووتمان "کۆمەڵگای ڕێزبەخش" کۆمەڵگای پیادەکردنی عەدالەت نییە، بەڵکو کۆمەڵگای بەگژاچوونەوەی ناعەدالەتییە. کۆمەڵگای گەران بەدوای یەکسانیدا نییە، بەڵکو کۆمەڵگای هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی نایەکسانی؟؟؟. ڕێزگرتن نەبۆتە ئامانجی سەرەکی، بەڵکو بەگژاچوونەوەی بێڕێزیو بەگژاچوونەوەی زەلیلکردن ئامانجە. بەمانایەکی دیکە ئەوەی بناغەی سیاسەتکردن لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا دادەڕێژێت ئەوەیە شتە هەڵەو راستەکان لابرێن نەك کاری باشو بێهەڵە ئەنجام بدرێت، بەدرەوشتی بەرامبەر بەئینسان لاببات نەك ئەخلاق بەکۆمەڵگا بفرۆشێت.

ئینسان دەشێت برێکی زۆر لە ناعەدالەتی قبووڵ بکات، بۆ ماوەی درێژ بێ دەوڵەتو دەزگاو سەرکردەی دادپەروەر بژی، بەڵام ناتوانێت بەوە رازیبێت بەردەوام وەك بوونەوەرێکی سووك مامەڵە بکرێت، ڕێزی نەگیرێتو زەلیلو سەرشۆڕو بێڕێز بکرێت.

ئینسان بوونەوەرێکە پێویستی بەوەیە ناچارنەکرێت هەست بکات بوونەوەرێکی بچوكو بێمانایە. هەست بەوە بکات ڕووداوەکان لەدەرەوەی ئەودا ڕوودەدەنو ئیرادەی ئەم نەك کاریگەری لەسەر ژیانی گشتی نییە، بەڵکو لەسەر ژیانی تایبەت خۆشی نییە.

ئێستا دەکرێت بپرسین: داخۆ ئێمە لە چ کۆمەڵگایەکدا دەژین؟ کۆمەڵگایەکی دادپەروەر یان ڕێزبەخش؟ کۆمەڵگایەك بەئینسانی ئێمە ڕێزو ماناو ماف ئەبەخشێت یان بێڕێزو بێماناو بێمافی دەکات؟ کۆمەڵگایەکمان هەیە ئیرادەمان بەهێز دەکات یان ئەو بەشەش لە ئیرادەکە هەمانە سست دەکات؟

سەرنجێکی خێرا لەڕەوشتی حیزبو سیاسیو دەزگاکان لە کوردستاندا پێمان دەڵێت ئێمە نە لە "کۆمەڵگایەکی دادپەروەر"دا دەژین نە لە "کۆمەڵگایەکی ڕێزبەخش" یشدا. کوردستان نە دادپەروەری لەمانا یاساییو سیاسییەکەیدا دەژی، نە ڕێزگرتنیش بووەتە شێوازی مامەڵەکردنی سیاسەتو دەزگاکان بۆ ئینسان. ئەزموونی سیاسی دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا ئەزموونی بازدانە بەسەر دادپەروەریو ڕێزگرتندا. ئەخلاقی دەزگاکان ئەخلاقی زەبەلاحکردنی سەرکردەو نوخبەو عەشیرەتی بالادەستو ئەخلاقی بچووکراگرتنی ئینسانەکانی دیکەیە، مامەڵەکردنی سیاسەت بۆ خەڵك مامەڵەی چاندنی هەستی بچووکبوونە تیایاندا. کاتی ئەوە هاتووە داوای کۆمەڵگایەك بکەین لانیکەم دەزگاکانی نەتوانن سووکایەتی بەکەس بکەن.




# پارتیو یەکێتی بەجیا ..
# پارتیو یەکێتی بەیەکەوە

شوان محەمەد

پارتی ویەکێتی لەسەر ئاستی عێراق بەهاوکاری هێزە کوردستانیەکانی تر بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنی عێراق دەکەن. بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەرچەندە پێدەچێت ئەمڕۆ وسبەی کۆببنەوەو دوا بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام تائێستا ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچن کەبەدوو لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

ئەم هەنگاوەی ئەم دووحیزبە لەکاتێکدایە کەهێزە شیعە مەزهەبەکان لەخوارو کەزۆرینەی خەڵکی عێراق پێکدەهێنن بەسەرپەرشتی سەرکردە ڕۆحییەکەیان سیستانی کەتوونەتە خۆیان و سەرقاڵی پێکهێنانی بەرفراوانترین هاوپەیمانێتین بۆمسۆگەر کردنی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق تالە دارشتنی دەستوری ئایندەدا بتوانن زامنی زۆرینەی حوکمی شیعەبکەن.

گەر کەمێك وردبینەوە لەپێگەی هێزو ئەو جموجوڵانەی هەریەك لەشیعەو سوننە دەیکەن بۆ مسۆگەرکردنی ڕێژەی زۆرینەی دەنگەکان لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر شیعە چالاکەو دەیەوێت پێگەی خۆی لەعێراقی نوێدا مسۆگەر بکات.

ئەم جموجوڵانەی شیعەو کۆبوونەوەی هێزەکان لەدەوری سیستانی کەهەڵگری پرۆژەیەکی سیاسی دیموکراسی نین بۆ ئایندەی عێراق، مەترسیەکی گەورەی لەلای خەڵکی لیبراڵ و هێزە دیموکراسیەکانی عێراق و کوردستان دروستکردووە، دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ گەورەترین مەترسی لەسەر کوردو ئایندەی عێراق هێزە شیعە سیاسیە مەزهەبەکانن کەدەیەناوێت دیکتاتۆریەتی زۆربە بەسەر ئێستاو ئایندەی عێرقدا بسەپێنن. ئەمە بەو مانایە نایەت کە هێزە سوننیەکان هەڵگری پرۆژەی ترسناکترنەبن لە شیعەکان، بەڵام پەرتوو بڵاوی سوننەو ڕووخانی سەدام کەلەسەر حسابی سوننەبوو تا زەمەنێکی دوور پرۆژەی سوننەو مەترسیەکانی ئەوانی بۆ سەر ئایندەی عێراق دوورخستۆتەوە.

هەڵوێستی کورد لەئاست ئەم مەترسیە گەورەیەدا کەپێکهێنانی ئیئتلافێکی بەرفراوانی کوردییە و گفتوگۆکردنە لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا بۆ پێکهێنانی ئیئتلافێکی گەورەتری دیموکراتی کەبڕوای بەفیدراڵی بێت . هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەیە، بەڵام گرفتی کورد لەکێشە کەیەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی عێراق ئامادەن بەیەك لیست دابەزن، بەڕووی دەرەوەدا یەك بن، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان ئامادەنین پێکبێن و بەیەك لیست دابەزن، لەکاتێکدا وەك ڕۆژی ڕوناك لای خەڵکی کوردستان دیارە کەئەم دووهێزە هیچ یەکێکیان گەمەکارێکی باشی دیموکراسی نینو، ئامادەنین دۆڕاندن قبوڵ بکەن.

وەك پرەنسیب ڕاستە کەدەبێت یەکێتی وپارتی فێری ئەم گەمەیە بن و یەکێکیان لەدەسەڵات و، ئەوی تریان لەئۆپۆزسیۆندا بن، بەڵام ئەوەی تەماشای واقیعی سیاسی کوردو ممارەسەی ئەم دوو هێزە لەساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە قبوڵ کردنی دۆڕاندنی گەمەی دیموکراسی لەلایەن ئەم دوو هێزەوە وەهمێکی گەورەیە.

ئاشکرایە کەلەئاکامی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە و واقعی دوو حکومەتی، پارتی ویەکێتی ممارەسەی دەسەڵاتیان کردووە، دنیایەك هێزو سەروەت و سامانیان لەبەردەستدابووە، لەبەرئەوە زۆر گرانە ئێستا هەریەك لەم دووهێزە هەروا بەئاسانی دەستبەرداری ئەم دەسەڵاتەبن، دەستبەرداری ئەو هەموو سەروەت و سامانە، دەستبەرداری قەڵاچوالان و هاوینە هەواری سەلاحەدین بن.

لەکاتێکدا کەهەردووکیشیان جگە لە فێرنەبوونی ممارەسەی دیموکراسیی، لەوە دەترسن کەئەگەر یەکێکیان بیدۆڕێنت، ئەوا براوەکە بیخنکێنێت ولەهەموو ڕوویەکەوە لەمەیدانە سیاسیەکەدا پەراوێزی بکات.

میکانیزمی نەبوونی یەك لیستیەوە لەسەر ئاستی کوردستان سەرچاوە دەگرێت، گونجاو نیە یەکێتی وڕێکخراوەکانی، پارتیو ڕێکخراوەکانی، لەیەك ڕۆژدا لەسەر ئاستی کوردستان پڕووپاگەندە لەدژی یەکتری بکەن ، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق بانگەشە بۆ پاکیزەیی یەکتری بکەن.

دیموکراسیەت چەندە پرنسیبە هێندەش واقیع بینییە، ڕاستە ئێستا بێت یان داهاتوو دەبێت یەکێتی وپارتی فێری گەمەی دۆڕاندن و قبوڵکردنی دۆڕاندن بن، بەڵام ئەم زەمەنەو ئەم هەل ومەرجە سیاسیە و مەسەلەی دارشتنی دەستور لەعێراقدا وا لەهەموو لایەك دەکات واقیع بین بن.

هێشتا کاتیش لەبەردەمدا ماوە تاهەموو کورد بەخەڵکە نیشتمان پەروەرو سەربەخۆکانیشەوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەیەك لیست بەشداری هەردوو هەڵبژاردنەکە بکەن ودەرئەنجامیش لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی ڕێکبکەون، بۆ ئەوەی پێکەوەژیان تەنها بەڕووی دەرەوەدا نەبێت، بەڵکو سەرەتا لەناو کوردستانەوە دەستپێبکات، گەرچی ئەم پێکەوە ژیانە لەسەر حسابی دیموکراسی بێت، بەڵام لەئەنجامدا یەك لیستیی دەنگی هاوڵاتیەکی کوردی تۆراویش دەباتەوە کە هێندەی دنیایەك بێزارە لەسیاسەتی پارتی ویەکێتی.


تا ئێستا بارزانیو تاڵەبانی لەناوەوەی کوردستان نەیارو لەدەرەوەی کوردستان تەبان

لەسەر ئەو تەشەبوسانەی ئەم دووهێزە

# دەبێ ئەو ئەزموونە تاقی بکەینەوە

سەرباری مەترسییەکانی هەموومان لەدەرەنجامەکانی ململانێی دوو حیزبەکە لەهەڵبژاردندا، نابێ مەسەلەی گەمەی دیموکراسیی ڕاستەقینەو حسابکردن بۆ سندوقەکانی دەنگدان، بەهیچ بیانوویەك دوا بخەین.

هەموومان گومانمان هەیە لەوەی یەکێتیو پارتی، بەدوور بن لەگوشار خستنە سەر دەنگدەرانو تەنانەت کڕینی خەڵکیش. ئەوەتا هەر لەئێستاوە بازاڕی کڕینو فرۆشی دەنگ، هەڵڕشتنی پارەو بازبازێنی خەڵکی هەلپەرست دەستی پێکردووە. ڕۆژ نییە هەواڵی "سەنگەر گواستنەوە!"، یاخود ڕاستتر بڵێین فرۆشتنی دەنگ بەو حیزبەی پارەی زیاترو دەسەڵاتی زیاتر دەبەشێتەوە، نەبیستین.

کێ هەیە بڕوا بکات کە ئەم دوو حیزبە لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا پەپوولە ئاسا (!) ڕەفتاردەکەن، تەزویر ناکەنو هیچ کێشەیەك بۆ ڕکەبەرەکانیان نانێنەوە؟ ئەوە ئەزمونی ساڵی ٩٢، ئەوەش ئەزموونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو کەرتی خوێندن لەکوردستاندا.

لەوانەش ترسناکتر، هەموومان گومانمان هەیە لەوەی یەکێتیو پارتی ئەوەندە ئازاو دیموکرات بن ئەگەر لەهەڵبژاردندا دۆڕاندیان، ڕێز لەئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرنو تووشی شەڕێکی گەورەترو پڕ کارەساترمان نەکەن. شەڕێکی وا لەم قۆناغە ناسکەی کوردستانو عێراقدا، ڕەنگە هەموو داهاتوومان بخاتە بەر مەترسیو چیمان بەدەستهێناوە، لێمان بسەنێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەمڕۆ بێت یان سەد ساڵی تر، هەر دەبێ ئەو ئەزموونە تاقی بکەینەوە. هەر دەبێ ئەو دوو حیزبەو حیزبەکانی تری کوردستانیش، بەڕاستی قەناعەت بەو دروشمە قەبانە بێنن کە بەرزیان کردوونەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە: "دیموکراسی". تێبگەن لەوەی کەسێك کە باوەڕی بە گەمەی دیموکراسی هەبێت، دەزانێت نە براوەی هەمیشەیی لەم گەمەیەدا هەیە، نە دۆڕاوی هەمیشەیی. ڕەنگە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو چالاك لەپەرلەماندا، ئەوەندەی دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی لەبڕیارو ئاراستەکردنی وڵاتدا هەبێت.

پاشان ئاخۆ ئەو دوو حیزبەی ئەستەمە ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن، کەسیان ڕازی دەبێت ژمارەی کورسییەکانی لەویتر کەمتر بێت؟ ئەگەر دیسان بە فیفتی فیفتی ڕازی بن، تەجروبەی تاڵی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە؟ تا چەند ئامادەن جێگەی حیزبەکانی ترو خەڵکی سەربەخۆ بکەنەوە؟ ئەی حیزبەکانی تر بەو بەشەی ئەوان بۆیان دیاری دەکەن، ڕازی دەبن؟ لەئەنجامیشدا شێوەی ڕیزبەندی لەناو پەرلەمانی نوێدا چۆن دەبێت؟ ئایا ئەو شەڕەی لێی دەترسین، بەشێوەیەکی تر لەناو پەرلەمانەوە کلپە ناسێنێتەوە؟ بە کورتی ئایا قوربانی کردنی دیموکراسی لەپێناوی سەرابی تەبایی حیزبەکاندا، لەهەڕەشەی تەقینەوەی کێشە سیاسییەکان دەمانپارێزێت؟

پێم وایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، باشتر وایە لەهیواو ئارەزووەکانی خۆمان دوور بکەوینەوەو بەچاوی واقیع بڕوانینە عەقلییەتی حیزبەکانو تەجروبەی خۆمان لەگەڵ ڕەفتاری سیاسییاندا.

دڵنیام لیستی جیاوازی حیزبەکان بۆ هەڵبژاردن، کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە. بەڵام باشتر وایە لەئێستادا بەرەورووی ئەو کێشانە بچین کە حکومەتی ناوەندی لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایەو هێزێکی نێودەوڵەتیش لەعێراقدا ئامادەیە، نەك دوای بخەین بۆ ئەو کاتەی کە بە تەنیا لەبەرامبەر دەوڵەتێکی عێراقیی بەهێزدا دەمێنینەوە. لەبری ئەوە، بابیر لەوە بکەینەوە کە بەدەر لەدوو حیزبەکە لیستی ترو بەتایبەت لیستی سەربەخۆ، زیندوویی ڕاستەقینە بە هەڵبژاردنی کوردستان ببەخشێتو لەپەرلەمانیشدا لەتەنگژەی فیفتی فیفتیو پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن دوو حیزبەکەوە، بمانپارێزێت.

ئاسۆس هەردی